دارایی هەرێم بۆ یەکەژمێریارییەکان: دەتوانن لیستی موچەی مانگی نۆ ئامادە بکەن و بینەرنە گەنجینەکان



وەزارەتی دارایی و ئابووری لەڕاگەیەندراوەکدا، یەکە ژمێریارییەکانی ئاگادارکردوەتەوە، کە سیستمی پەیەڕە کراوەتەوەو دەتوانن لیستی موچەی مانگی نۆ ئامادە بکەن و بینەرنە گەنجینەکان.

هاوکات، بەڕێوبەرایەتی گشتیی ژمێرکاری سەر بەوەزارەتی دارایی و ئابووری، یەکە ژمێریارییەکانی ئاگادارکردوەتەوە، کە لەڕێژی یەکشەممە دەتوانن دەستبکەن بەئامادەکردنی لیستی موچەی مانگی نۆی موچەخۆران و بدرێتە گەنجینەکان.

ئەم لەکاتێکدایە، هەفتەیەک وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، لیستی موچەی مانگی ئابی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن تیمی تەکنیکی وەزارەتەوە هادەستی فەرمانگەی ژمێریاری وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ کردوە، بەمام بەهۆی هادەستنەکردنی نەوت و داهاتی نانەوتییەوە تائێستا لەبەغداوە پارەی موچە خەرجنەکراوە.